# بەخێر بێیت بۆ کۆبوونەوەیەک بۆ هەڵسەنگاندن و دەستنیشانکردنی ئەزموونی خوێندکار!

ئێمە، مامۆستایانی تۆ، دەمانەوێ بە باشترین شێوە بەرنامەیەک بۆ خوێندنەکەت دابڕێژین و بۆیەش حەز دەکەین لەسەر ئەزموونەکانت لە خوێندنەوە و نووسیندا زیاتر بزانین. بۆ ئەم مەبەستە بانگهێشتنت دەکەین بۆ کۆبوونەوەیەکی هەڵسەنگاندن و دەستنیشانکردنی ئەزموونی خوێندکار.

**ئەم هەڵسەنگاندن و دەستنیشانکردنی ئەزموونی خوێندکار چۆن دەکرێت؟**
ئەم کارە لە ڕاستیدا بە شێوەی گفتوگۆیەکە لە نێوان تۆ و مامۆستایەکدا و بەشداربوونت تێیدا بە شێوەی دڵخوازە. ئەم گفتوگۆیە بە زمانی کوردییە و وەرگێڕێکیش تێیدا بەشدار دەبێت.

**ناوەرۆکی هەڵسەنگاندن و دەستنیشانکردنی ئەزموونی خوێندکار چییە؟**
ئیمە حەز دەکەین بزانین کە ئاخۆ تۆ پێشتر بە زمانی خۆت نووسین و خوێندنەوەت هەبووە. ئەگەریش هەتبووە، چ خوێندنێک بووە؟ بۆ وێنە ئایا لە ماڵەوە بووە، لە شوێنی کار یا خود لە فێرگە؟ گشت ئەم ئەزموونانە بۆ فێرکردنی خوێندنەوە و نووسین بە زمانێکی نوێ، گرنگایەتیی خۆیان هەیە. ئێمە لەم کۆبوونەوەیەدا زۆرتر لەسەر ئەم کاتە دەدوێین کە تۆ هێشتا نەهاتبوویە سوید. بەڵام لە سەر ئەوەش قسە دەکەین کە حەز دەکەیت چ شتێک بە زمانی سویدی بخوێنیتەوە و بنووسیت.

تۆ کە دەتوانیت بە زمانی خۆت بنووسیت و بخوێنیتەوە ڕەنگە پێویست بکات چەند دەقێکیش بخوێنیتەوە یا خود وەڵامی چەند پرسیارێکیش لە سەر دەقەکان بدەیتەوە. دواتر تۆ و مامۆستاکە لەسەر دەقەکان قسە دەکەن.

**ئەی پاش هەڵسەنگاندن و دەستنیشانکردنی ئەزموونی خوێندکار چ ڕوو دەدات؟**
پاش هەڵسەنگاندن و دەستنیشانکردنی ئەزموونی خوێندکار، مامۆستاکان ئەو زانیارییانەی پێویستیانە بە دەستیان هێناوە و ئیتر بۆیان هاسانترە کە بەرنامەیەک بۆ فێرکردنەکەت دابڕێژن.